# پوختەیەک لە ژیانی پڕبەرهەمی دوکتور قاسملو



عبدالرحمن قاسملو لە شەوی زستان (شب یلدا)ی ساڵی ١٣٠٩ ی هەتاوی ریکەوتی ٢٢ ی‌دیسامبری ساڵی ١٩٣٠ ی زایینی‌دا لە شاری ورمێ لە بنەماڵەیەکی خاوەن مڵکی دەست ڕویشتوودا لە دایک بوو. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی‌پێشان لە ورمێ و دوایە لە تاران تەواو کرد. هێشتا زور منداڵ بوو کە لە گەڵ مەسەلەی سیاسی‌یەکان ئاشنا بوو و بیرو باوەڕی ئازادیخوازانە لە مێشکی‌دا جوولا. بو خوی لەو بارەوەیە لە کتیبی "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی " دا پاش باسی سەفەری ٣٠ کەس لە ئاغا و سەروک عەشیرەتە کوردەکان بو باکو لە سەر بانگهێشتنی دەولەتی شوورەوی دەنووسی " هەرچەند ئەوکاتە من تەمەنم یازدە ساڵ بوو ، بەلام وەک زور منداڵی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی راکێشا بووم . بابم یەکێک لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە بوو. زور باشم لە بیرە کە لە باکو هاتەوە چەندین تا قەندی لە گەڵ خوی هێنا بوو، تاپریکی باشیشی پی بوو . وادیارە سووێیتی‌یەکان قەند و تفەنگ و شتی دیکەیان بە دیاری دابوو بە هەموو ئەندامانی هەیئەت . قەند بە تایبەتی زور بە نرخ بوو ، چونکە ئەو کاتە لە ئێران زور کەم و گران بوو . من ئەو کارەم زور پێ سەیر بوو ، چونکە لە ماڵی ئێمە براکانم و ئاموزاکانم کە لە من گەورەتر بوون ، باسی ئەوەیان دەکرد ، کە بابم لە گەڵ چەند کەسی دیکە چوون بو باکو حەق و ئازادی کوردان داوا بکەن . بویە راست و رەوان لە بابم پرسی : ئەدی مافی کوردان چی لی هات ؟

کاک عبدالرحمن قاسملو سالی ١٣٢۴ تێکوشانی سیاسیی خوی بە دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە شاری ورمی دەست پی کرد. ساڵی ١٣٢۵ کوماری کوردستان لە مەهاباد رووخا . بە دوای ئەوەدا ئەویش بو خوێندن چووە تاران و ساڵی ١٣٢٧ بو درێژە پێدانی خوێندن چوو بو پاریس پێتەختی فەرانسە. گەیشتنی بە پاریس هاوکات بوو لە گەڵ تەقە کردنی لە شا لە زانستگەی تاران ( ٢۵ ی رێبەندانی ١٣٢٧ ) کە بوو بە هوی لە نێو چوونی ئازادی‌یە دێموکراتی‌یەکانی لە سەرانسەری ئێران دا. بەو بونەیەوە کوبونەوەیەکی‌بەرینی خوێندکارە ئێرانی‌یەکان لە پاریس پێک هات کە لەوی دا کاک عبدالرحمن قاسملوو بە درێژی بە دژی شا و رێژیمەکەی قسەی کرد و لە ئاکام‌دا خوێندکاران پەیامێکی ئیعترازی‌یان بو حەمە رەزا شا نارد. ئەم کارە بوو بە هویێ فشاری باڵیوزخانەی ئێران لە پاریس و تەنانەت حکوومەتی فەرانسە بو سەر کاک عبدالرحمن وسەرەنجام ناچار بوو پاریس بە جی بهێڵی و وەک یەکەم بوورسیەی ئێرانیی "یەکیەتیی‌نێونەتەوەیی خویندکاران" چوو بو پڕاگ پێتەختی چیکوسلوواکی. هەر لەو ماوەیەدا کە لە فەرانسە بوو بە هاوکاری چەند خوێندکاری کورد "کومەلەی خوێندکارانی کورد" یان لە ئوروپا دامەزراند. لەو ماوەیەدا کە لە پڕاگ خەریکی خوێندن بوو لە تێکوشانی یەکیەتیی نێونەتەوەیی خویندکارانیش‌دا بەشدار بوو. ساڵی ١٣٣٠ بە نوێنەرایەتیی خویندکارانی ئێران لە زور کوبوونەوە و کونفڕانسی فیدراسیونی جیهانیی لاوان دا لە شاری بووداپێست پێتەختی مەجارستان بەشدار بوو.

ساڵی ١٣٣١ لە سەردەمی حکوومەتی میللی دوکتورمصدق‌دا کاک عبدالرحمن قاسملو پاش ئەوەی لە زانستگەی پڕاگ‌دا لیسانسی زانستە کومەلایەتی و سیاسی‌یەکانی وەرگرت گەرایەوە ئیران. ئەوکاتە لە نیوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی توودەی ئێران‌دا یەکیەتیی تەشکیلاتی هەبوو. هاوڕێ‌قاسملوو پاش شەش مانگ تێکوشان لە تاران هاتەوە مەهاباد و لە وێ بەرپرسایەتیی کاری حیزبی وەئەستو گرت.

پاش کودیتای شوومی ٢٨ ی گەلاوێژی سالی ١٣٣٢ ناچار بوو بە تەواوی خوی بشارێتەوە و بە نهێنی لە تاران و لە کوردستان خەریکی تێکوشانی حیزبی بێ. لەو ماوەیە دا هاوڕێ عبدالرحمن قاسملو سەرپەرستیی روژنامەی "کوردستان" ئورگانی ناوەندیی حیزبی بە ئەستووە بوو کە تەنیا پێنج ژمارەی بە نهێنی لی دەرچوو. هەر لەو ماوەیەش دا بوو کە کومیتەیەکی سەرانسەری بو کاروباری حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بەرپرسایەتیی ئەو پێک هات.

کاک عبدالرحمن قاسملو پاش پێنج ساڵ تێکوشانی سیاسی لە ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان سالی ١٣٣٦ جارێکی دیکە چووە چیکوسلۆاکی. ساڵی ١٣٣٧ ( ١٩٥٨) پاش سەرکەوتنی شورشی عێراق و بووژانەوەی بزوتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق هاورێ قاسملوو لە گەڵ چەند ئەندامی مەسئوولی دیکەی حیزبی هەوڵیاندا لە رێگای عیراقەوە رێکخراوەکانی حیزبی زیندوو بکەنەوە. بەلام بە هوی کارشکێنیی هێندیک لە بەرێوەبەرانی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق لەو کارەدا سەرنەکەوتن و ساڵی ١٣٣٩ کاک عبدالرحمن بە دەستوری دەوڵەتی عێراق لەو ولاتە دەرکرا و گەرایەوە بو پراگ.

ساڵی ١٣٤١ ( ١٩٦٢ ) هاورێ قاسملوو لە زانستگەی پراگ دوکتورای زانستی ئابووری وەرگرت و هەتا ساڵی ١٣٤٩ لە زانستگەی پراگ دەرسی "ئابووری سەرمایەداری و ئابووری سوسیالیستی و تیئوری هەلدانی ئابووری" ی گوتەوە. لەو ماوەیەدا دوکتور قاسملوو چەند کتێب و نامیلکەی لە سەر گیروگرفتە ئابووری و کومەلایەتی و سیاسیەکان نووسیوە کە لە هەموویان بە ناوبانگتر کتێبی "کوردستان و کورد"ە ئەم کتێبە کە لە جیٚدا بە زمانی چێکی نووسراوە تا ئێستا بە زمانەکانی ئینگلیسی، سلۆواکی، لەهیستانی، عەرەبی و کوردی و هێندی بە شیشی بە فەرانسەیی و فارسی چاپ و بلاو کراوەتەوە. دوکتور قاسملوو زمانەکانی کوردی، فارسی، تورکی، عەرەبی، فەرانسە، ئینگلیسی، چیکی و رووسیی بە باشی دەزانی و بە زور زمانی دیکەش وەک زمانەکانی سلاو تا رادەیەک ئاشنا بوو.

ساڵی ١٣٤٩ پاش دەرچوونی بە یاننامەی ١١ ی مارس و ریککەوتنی نیوان رێبەرایەتییبزوتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق و دەولەتی ئەو ولاتە ئیمکانی تێکوشانی سیاسی لە کوردستان ئیران زیاتر بوو. لەو کاتەدا دوکتور قاسملوو لە ئوروپا گەرایەوە و بە هاوکاریی چەند کەس لە یارانی نیزیکی ئەرکی زیندوو کردنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی وەئەستو گرت. لە کونفرانسییسێهەمی حیزبدا کە مانگی جوزەردانی ساڵی ١٣٥٠ گیرا، دوکتور قاسملوو بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و پاشان بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵ بژێردرا و لەو کاتەوە لە هەموو کونگرەکانی حیزبی دا وەک سکرتێری گشتی هەڵ بژێراوە و بەم جورە بو ماوەی هەژدەساڵ وەک رێبەرێکی کارزان و شارەزا لە پلەی یەکەمی مەسئوولییەت دا کاروباری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە یەکیک لە سەخت ترین قوناخەکانی خەباتی ئەم حیزبەدا بەرێوە برد.

هاورێی تێکوشەر و ماموستای رێبە دوکتور قاسملوو روژی ٢٢ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٨ لە کاتێکدا بو دوزینەوەی رێگای چارەسەری ئاشتی خوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێران دا لەگەڵ چەند نوێنەری حکوومەتی کوماری ئیسلامی لە وییەن لە سەر میزی وتوویژ دانێشتبو، لە گەڵ هاوریی تیکوشەر کاک عبدالله قادری ئەندامی کومیتەی ناوەندی بە دەستی ئەو بە ناو نوینەرانی دەولەت بو وتوویی‌ئاشتی ، شەهید کرا ، لە و تیرورە ناجوامیرانە یەدا دوکتور فازڵ رسوڵ کوردی عیراقی ماموستای زانستگە لە وییەنیش هەر بە دەستی ئەو تیروریستانە شەهید بوو.

## دوکتور قاسملوو و بزوتنەوەی ئازادیٚخوازیی کورد

لە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازانە و نەتەوایەتیی کورددا زور رێبەر و سەرکردە و شەخسییەتی سیاسی هەلکەوتوون کە هەرکامیان بە گوێرەی ئەو بارو دوخە کە خەباتی نەتەوەکەمانی پێدا تی پەریوە و ئەو قوناخە کە ئەوان خەباتیان تێدا کردوە، رولێکی گرنگ و بەرچاویان لە بزوتنەوەدا گێراوە.

ئەگەر لەو بارەوە تێکوشانی دوکتور قاسملوو لە نێو بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کور ، بە تایبەتیی لەو بیست ساڵەی‌دوایی دا هەڵ سەنگێنین بومان دەردەکەوێ کە دوکتور قاسماوو بە هوی شارەزایی لە زانستە سیاسی، ئابووری و کومەڵایەتی‌یەکان دا، بە هوی ئاگادار بوون لە مێژووی نەتەوەکەیو خەباتی گەلانی دنیاو ناسین و تیگەیشتنی لە لایەنە جوراجورەکانی سیاسەت و دیپلوماسیی نیونەتەوەیی و هەر لەو کاتەش‌دا بە هوی خویندنەوەی بێ وچان و فێر بوون لە رەوتی ژیان و خەبات دا و رێبەرایەتی کردنی خەلک لە جەرگەی خەباتی بەکردەوەدا نەخشیکی گرنگ و بەرچاوی بووە . بو ئەوەی ئەو مەبەستە باشتر روون بیتەوە، ئیشارە بە چەند مەسەلەیەک بە پێویست دەزانین.

ـ ئەگەر ئەمرو دەبینین حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبیکی شوٚرشگێر و پێشکەوتوو نەخشێکی بەرچاوی لە بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئیران دا دەکا، دەبێ قبوولْ بکەین کە بەشیکی گەورەی ئەو شانازی یە بو دوکتور قاسملوو دەگەریتەوە

چونکە ئەو بوو کە حیزبی دێموٚکراتی کوردستانی ئێرانی نزیکەی بیست ساڵ ڕێبەرایەتی کرد و دوای شەهید بوونیشی خەت و ڕێبازێکی دروستی سیاسی و تەشکیلاتێکی پتەو و پرستیژێکی بەرزی نێونەتەوەیی بو حیزب بەجی هێشت.

ـماوەیەکی دوور و درێژبەشێک لە رولەکانی نەتەوەی کورد تووشی بێ بروایی بە خویان و هێزە و توانای خەباتگیرانەی خویان ببوون. چاوەروان بوون لە دەرێ را و لە ئاکامی ئا ڵ و گورە سیاسی‌یەکانی دنیادا، هێزیک یا دەوڵەتێک بێت و رزگاریان بکا. دوکتور قاسملوو ئەو جورە بیر کردنەوەیەی رەت کردەوە و فێری کردین کە لە هەر هەڵ و مەرجێک دا کورد دەبی پشت بە هێز و توانای خوی ببەستی، و تێ‌بکوشێ‌بە خەباتی بی‌وچان مەسەلەی کورد بکاتە مەسەلەیەکی گرنگ و جیددی لە لێکدانەوەی وەزعی روژهەلاتی نێوەراست و دنیا دا و بتوانی لە داڵ و گورە ناوچەیی‌و جیهانی‌یەکان بە قازانجی خوی کەڵک وەربگرێ . ئەو فێری کردین کە گەڵی کورد دەبێ یارمەتی و پشتیوانیی‌دەرەوە وەک عامیلی یارمەتی دەر بە حیساب بینێ.

ـبە درێژایی مێژووی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد یەکێک لە خالە لاوازەکانی ئەو بزوتنەوەیە بریتی بووە لەوە کە چارەنووسی بزوتنەوە لە گەڵ چارەنووسی رێبەر یان شەخسییەتێک گرێ دراوە. لاڕی بوون و نەمان یان لە دەست چوونی ئەو شەخسیەتە بوتە هوی ئەوەی بزوتنەوە کەش تێک بشکێ . لەو بارەشەوە دوکتور قاسملو چ لە رووی تیئوری یەوە و چ لە مەیدانی کردەوەدا بە دژی لێک گرێ دانی چارەنووسی بزووتنە وە لە گەڵ چارەنووسی رێبەرێک، شەخسیەتێک، یان بنەماڵە و عەشیرەتێک راوەستاو کاری بە کومەڵ و رێبەرایەتیی دەستە جەمعیی هێنایە نێو فەرهنگی بزووتنەوەی کورد، بە هەموو تواناوە لە دژی گەورە کردنەوەی نەخشی شەخسیەت و بوچوونی عەشیرەتی و دواکەوتوانە راوستا و بەو پەڕی لێزانی‌یەوە بو بە هێز کردنی نەخشی تەشکیلات لە بزوتنەوەدا خەباتی کرد و لە هەر چەشنە سەرەرویی‌و تەک رەوی‌یەک راوەستا.

ـبزوتنەوەی ئازادیخوازای نەتەوایەتیی کورد بزوتنەوەیەکی رەوا و عادلانەیە. بەڵام لە رەوتی ئەو بزووتنەوەیەدا جاروبار کردەوەی ناپەسەند و دزیوی وەک رەشەکوژی، دیل کوشتن، گرتن و لێدان و ئەشکەنجە لە هێندێ کەسی نێو بزووتنەوە بینراوە. دوکتور قاسملوو لەو مەیدانەش دا تەکیەی لە سەر ئەو مەسەلە یە کرد کە بو گەیشتن بە ئامانجە پیروز و رەواکانی کورد دەبی وەسیلەی رەوا و پیروز بەکار بهێنرێ. نابی رێگا بدرێ ئەو بزوتنەوە رەوایە لە نێو بیرورای گشتیی جیهانی دا عەیب دار بکرێ. لەو بوارەش دا دوکتور قاسملوو شوێنێکی بەرچاوی لە سەر بزوتنەوە دانا و ئاکامی ئەو شوێن دانانە لە مێژە دەرکەوتوە.

ـساڵانێکی درێژبزوتنەوەی نەتەوایەتیی‌کورد گیرودەی دەستی دەمارگژی و بەرچاوتەنگیی میللی و ناوچەیی و ئایینی و حیزبی بوو. دوکتور قاسملوو بە هەموو تواناوە دژی ئەو بوچوونە چەوتانە وەستاو فەرهەنگی دێموٚکراسی و پلووراليزمی لە نیو بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دا هێنایە کایەوە. زور جار بو وەبەرچاو گرتنی قازانجی گشتیی‌بزوتنەوە ، بەرژەوەندی یەکانی حیزبی خوشی وەلادەنا.

ـلە مێژ بوو ئەو بو بوچوونە لە نێو روڵەکانی نەتەوەی کورد دا باو بوو کە گلەیی لە ولاتانی جوراوجور و بە تایبەتی یەکیەتیی‌شوورەوی بکەن کە بو چی لە گە ڵ دوژمنانی ماف و ئازادی‌یەکانی گەڵی کورد پێوەندی یان هەیە و بازرگانی‌یان لەگەڵ دەکەن و تەنانەت چەک و چو ڵیان پێ‌دەفروشن. دوکتور قاسملوو روونی کردەوە کە هەرچەند ئەو گلەیی یە بە حەق و رەوایە، بەلام چاوەروانی‌یەکی ئاوا لە گەڵ راستی‌یەکانی سیاسەتی ئەمڕوی دنیا ناگونجێ. چونکە بەداخەوە دنیای ئەمرو دنیای قازانج پەرەستی‌یە و دەوڵەتانی دنیا لە پێش‌دا بو دابین کردنی قازانج و بەرژەوەندی‌یەکانی خویان تی‌دەکوشن.

ـدوکتور قاسملووتێکوشان بو رزگاریی نەتەوایەتیی بە ئەرکی هەموو چین و توێژە نیشتمان پەروەرەکانی کومەلی کوردەواری دادەنا و لەو باوەرەدا بوو کە هەموو چین و توێژەکانی ئەمڕوی کومەڵی‌کوردەواری دەتوانن لە خەبات بو رزگاریی‌نەتەوایەتی دا بەشدار بن و نەخشی لە باریان هەبێ.

ـدوکتور قاسملوو بە لێکدانەوەی ورد و زانستیی وەزعی دنیای ئەمرو بوی دەرکەوتبوو کە ئامانج و ئەرکەکانی‌ئێستا و دواروژی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە قازانج و بەرژەوەندی یەکانی ئیمپریالیزم و هێزە کونەپەرەستەکانی ناوچە ناتەبایی هەیە و ئەگەر بزوتنەوەی کورد بەرەو پێشەوە بڕوا ئاڵ و گورێکی بەرچاو لە ناوچەی روژهەڵاتی نێوەڕاست دا بەدی دێنێ. بویە بزوتنەوەی کورد بە هیچ جورێک نابێ متمانە بە هێزە ئیمپریالیست و کونەپەرەستەکان بکا.

ـ دوکتور قاسملوو کە بو خوی وەک ڕێبەرێک و شەخسیەتێکی هەڵکەوتووی نێو بزوتنەوەی کورد هەمیشە لە بەرامبەر مێژووی نەتەوەکەی‌دا لە گرتنە پێشی هەر سیاسەتێک دا هەستی بە بەرپرسایەتی‌یەکی گەورە دەکرد، ئەو هەست بە بەرپرسایەتی کردنەی کردە بەشێک لە فەرهنگی سیاسیی نێو بزوتنەوەی کورد.

ـ دوکتور قاسملوو هەر لەو کاتەدا کە لەو باوەرەدا بوو ، بزوتنەوەی کورد دەبێ بە باشترین شێوە بەرامبەر ئەو پەلامارە راوەستێ کە هەڕەشە لەمان و مەوجوودییەتی نەتەوەیی‌کورد دەکا، بە تەواوی ئیمانیشی بەوە بوو کە مەسەلەی کورد ڕێگا چارەی نیزامی نیە. بویە هەموو توانا و لێزانیی‌خوی بە کار دەهێنا تا مەسەلەی کورد لە ڕێگای ئاشتی و وتوێژەوە چارەسەر بکرێ.

ـ لە گورەپانی دیپلوماسی‌نێو خوی کوردستانیش‌دا، دوکتور قاسملوو سیاسەتێکی دروست و ئوسوولیی رەچاو کرد و لە کردەوەش‌دا بەڕێوەی برد. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی‌یەکان هەر لەوکاتەدا کە پێویستە پێوەندیی‌دوستانە و برایانەیان لەگەڵ یەکتر هەبێ و لە سەر مەسەلە گشتی یەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد پێکەوە هاوکاری بکەن، بە هیچ جورێک نابێ دەست لە کارو باری یەکتری وەربدەن.

ـ دوکتور قاسملوو لەو باوەرەدا بوو کە بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لەبەر ئەوەی بزوتنەوەیەکی رەوا و عادلانەیە، توانا و زەرفیەتی ئەوەی هەیە کە بکریتە مەسەلەیەکی‌جیهانی و نێونەتەوەیی. هەربویەش بو ناساندنی مەسەلەی کورد بە بیرورای گشتی جیهان هەوڵێکی زوری داو بە ڕاستی نەخشی دوکتور قاسملوو لەو مەیدانەدا ، نەخشێکی تاقانە بوو.

دیارە لە زور بواری دیکەش دا دەکری نەخشی دوکتور قاسملو لە نێو بزوتنەوەی کورددا بخەینە بەرباس . چونکە بەڕاستی ئەو روڵەیەکی‌بلیمەت و تێکوشەریکی هەڵکەوتووی نەتەوەکەی بوو، هەربویەش شەهید بوونی وەک بوو مەلەرزەیەکی گەورە سەرتاسەری کوردستانی هەژاندو بوو بە کوستێکی گەورەی نەتەوایەتی.

# له وته به نرخه‌كانی شه‌هید دوكتور قاسملوو

دوكتور قاسملووی شه‌هید زیاتر له ٤٠ ساڵ له ته‌مه‌نی خوی بو خه‌بات له ڕیگای ئازادی‌دا به‌خت كرده‌وه . له سه‌ر ستراتیژیی جوولانه‌وه‌ی كورد ، وه‌زعی داهاتووی ئێران و ڕوژهه‌لاتی نێوه‌ڕاست و وه‌زعی نێونه‌ته‌وه‌یی و زور مه‌سه‌له‌ی جوراوجوری دیكه نه‌زه‌ری‌داوه.
"كوردستان و كورد"، "چل ساڵ خه‌بات له پێناوی ئازادی"، نامیلكه‌ی " كورته باسێك له سه‌ر سوسیالیزم " ، " ڕه‌وتی ئاشتی و دێموكراتیزاسیون "، "باسێك له سه‌ر مودیرییه‌ی‌و میژوویه‌كی كورتی ڕیبه‌رایه‌تیی حیزب " و سه‌دان وتار كه دوكتور قاسملوو به زمانه جوراوجوره‌كان له چاپه‌مه‌نی‌دا بلاوی كردوونه‌وه، هه‌موویان بو ئه‌وه ده‌بن تێكوشه‌رانی حیزبی دێموكرات و به گشتی ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاری بیان خوێننه‌وه و ده‌رس و ئه‌زموونیان لێ وه‌رگرن.
به بوونه‌ی ساڵڕوژی شه‌هید بوونی دوكتور قاسملوو چه‌پكه گولێك له‌م گولستانه ده‌چنین و پێشكه‌شی خوێنه‌رانی به‌رێزی ده‌كه‌ین. ئه‌م نموونانه له نووسراوه و نامیلكه و وتاره‌كانی دوكتور قاسملووی شه‌هید وه‌رگیراون كه هێندێكیان بلاو كراونه‌وه و هێندێكیان له ئارشیوی حیزب‌دا هه‌ن.

## دێموكراسی و مافه نه‌ته‌وایه‌تی‌یه‌كانی گه‌لانی ئێران

" پاراستنی ئازادی‌یه دێموكراتی‌یه‌كان و چه‌سپاندن و پته‌وكردنی بناخه‌ی ڕێژیمێكی ڕاسته‌قینه له سه‌رانسه‌ری ئێران‌دا، زامنی ئه‌سلیی پێشكه‌وتنی شوڕش و وه‌ده‌ست‌هێنانی مافه نه‌ته‌وایه‌تی‌یه‌كانی‌هه‌موو گه‌لانی‌ئێرانه.
به بێ بوونی ڕێژێمكی دێموكراتی ڕاستقینه مافه‌كانی گه‌لی كورد دابین ناكرێ و به بێ دابین بوونی مافی نه‌ته‌وایه‌تیی‌گه‌لی كوردیش ڕێژیم به مانای ته‌واوی وشه دێموكراتیك نابی. ئه‌گه‌ر دوژمنانی گه‌لی كوردیش پێیان وایه به ساز كردنی به‌یت و باوی جیاوازی‌خوازی ده‌توانن گه‌لی كورد ناچار بكه‌ن حاڵه‌تی دیفاعی به خویه‌وه بگری و داوای مافه ڕه‌واكانی نه‌كا زور به هه‌ڵه چوون. ئیمه دلنیان هیچ ڕێژێمك له ئێران دا ڕێژێمكی به ڕاستی گه‌لی، دادپه‌روه‌ر و دێموكراتیك نابێ ئه‌گه‌ر نه‌توانی مه‌سه‌له‌ی نه‌ته‌وایه‌تی كه یه‌كێك له گیروگرفته بنه‌ڕه‌تی‌یه‌كانی وڵاتی ئێمه‌یه چاره‌سه‌ر بكا . ڕاستی‌یه‌كه‌ی ئه‌وه‌یه كه له ئێران‌دا په‌ره‌پێدانی فه‌رهه‌نگی نه‌ته‌وایه‌تی، لابردنی جیاوازی دانانی ئابووری و سیاسی و له هه‌مووی گرینگ تر دیاری كردنی چاره‌نووس به ده‌ستی خویان به‌شێك له مافه ڕه‌واكانی ئه‌و گه‌لانه‌ن، لابردنی سته‌می نه‌ته‌وایه‌تی له‌سه‌ر ئه‌وگه‌لانه به پێچه‌وانه‌ی ئیدیعای ژماره‌یه‌ك له دوژمنانی خه‌ڵك هاندان بو جیابوونه‌وه نیه، به پێچه‌وانه دابین كردنی یه‌كیه‌تی ڕاسته‌قینه‌ی ئه‌و گه‌لانه له چوارچێوه‌ی ئێرانیكی دێموكراتیك دا ، زامنی پاراستنی یه‌كیه‌تی و سه‌ربه‌خویی ولاته.
مه‌سه‌له‌ی نه‌ته‌وایه‌تی له ئێران‌دا هه‌یه و هیچ چه‌شنه خو گێڵ كردنێك له بایه‌خی ئه‌و كه‌م ناكاته‌وه، به پیچه‌وانه ڕێگا بو كه‌لكه‌لێ وه‌رگرتنی دوژمنانی ئازادی و سه‌ر به‌خویی ئێران خوش ده‌كا.

## یه‌كیه‌تی سیاسی و فیكری

پته‌وكردنی یه‌كیه‌تیی سیاسی و فیكری ئه‌ركێكی بنه‌ڕه‌تی یه كه ده‌كه‌وێته سه‌رشانی هه‌موو ڕێكخراوه‌كانی حیزب. دیاره هه‌موو ئه‌ندامانی حیزب له باره‌ی مه‌سه‌له سیاسیه‌كانه‌وه وه‌ك یه‌ك فكر ناكه‌نه‌وه ، ئامانجیش ئه‌وه نیه وه‌ك یه‌ك فكر بكه‌نه‌وه. چونكه ئه‌وه نه‌مونیكه و نه به قازانجی تیكوشانی حیزبیشه، مه‌به‌ست له‌و یه‌كیه‌تی‌یه ئه‌ستاندنه‌وه‌ی داهێنانی فیكری له ئه‌ندامانی حیزبی نیه. بوونی بیروڕای جیاواز و ڕێكه‌وتنی دێموكراتیكی ئه‌وان كلیلی چاره‌سه‌ر كردنی دروستی گیرو گرفته‌كان و هوی به‌ره‌و پێش چوونی حیزبه.

## مەسەلەی ژنان

لە تێکوشانی حیزبی و سیاسیی ئیمەدا، دەبێ جێگایکەکی تایبەتی بدرێ بە ژنان کە نیوەی دانیشتووانی ولاتەکەمان پێک دێنن. وەک دەزانن حیزبی ئێمە مافی بەرابەریی تەواو لەگەڵ پیاوان بو ژنان دادەنێ ، بەلام دانانی ماف لەگەڵ پیادەکردتی ئەو مافە لە کومەڵدا مەودایەکی زوریان لە بەین‌دا هەیە. دەبێ ئەو مەودایە بەرەبەرە لە بەین بچێ. بە بیروڕای حیزبی ئێمە هەرچی زیاتر ژنان لە کارە کومەلایەتی و سیاسی‌یەکان دا بەشدار بن کومەڵ پێشکەوتووترە و هەرچی لە بزوتنەوەی سیاسیی نەتەوەیەکدا ژنان تێکوشەرتر بن، بزوتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنی زیاترە.

## نەخشی دانیشتوانی شار لە بزوتنەوەدا

شارەکانی کوردستان پشتی جەبهەی دوژمنن. کەوابو لە شارەکانی کوردستان دەکری زور زەربەی کاریگەر لە دوژمن بدرێ. دەبێ هەموو کارەکانی دوژمن بو ئەوەی پشتی جەبهەی خوی بەقەوەت بکا، تێک بدەین. دوژمن تەداروکاتی لە شارەکانەوەیە، دوژمن هێزی خوی لە شارەکان کودەکاتەوە. دوژمن ئازوقەی لەوێ رادێت، دەبی کاریکی وابکەین نەک هەر لە دەرەوەی شار کە پێشمکەرگەی لێیە و رێگای لێ دەگری و زەربەی لێ دەدا، بەلکوو لە داخیلی شاریش دا بە ئیبتکاری دانیشتووانی شارەکانی کوردستان دەبی زەربەی لی بدری. نابی لە بیرمان بچی کە هەر چەند ئەوان لە شارەکانن و هەرچەند بە زاهیر چەکیان پی نیە، بەلام پێشمەرگەن، وەک پێشمەرگە لە سەنگەردان و دەبی بو تێکدانی نەخشەکانی دوژمن ، بو گەیاندنی ئەخبار بە پێشمەرگە و بو بەربەست کردنی رێگای دوژمن لە هەر رێگایەکەوە و بە هەر شێوەیەکی بتوانن ئەرکی خویان جێبەجێ بکەن.

## رەمزی خوراگریی حیزبی دێموٚکرات

بو چی حیزبی دێموٚکرات توانیویەتی رابوەستێ ئەوانی دیکە نەیان توانیوە ؟ ئەوە سێ هوی هەیە یەکەم ، سیاسەتی حیزبی دێموٚکرات سیاسەتێکی دروست بووە . بو داخوازەکانی خەلکی کوردستان کە بریتین لە دیموکراسی و خودموختاری خەبات دەکەین. ئێمە شوعاری خوراییمان نەداوە، شوعاری توندوتیژمان نەداوە، کە بومان جێ بەجێ نەکرێن. ئێمە مەسئولانە هەتا ئێستا چووینە پێش. وەختی ئاشتی ویستومانە وتووێژی‌بکەین و وەختی شەر شەرمان کردوە. دووهەم، خەلکی کوردستانی ئێران پشتیوانی ئێمەیە. حیزبی دێموٚکرات وەک ماسی‌یە لە نێو گومدا، گومەکەش خەلکە. هێزی حیزبی دێموٚکرات لەوەدایە کە خەلک پشتیوانیی لێ دەکا. سێهەم هوی مانەوە و درێژەپێدانی خەباتی ئێمە فیداکاریی پێشمەرگەکانمان بووە.

## مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی نێوخویی نیە

مەسەلەی کورد لە هەموو ئەبعادی خوی‌دا بەو شێوەیە کە هەیە لەواقیع‌دا مەسەلەی ٢٥ میلیون کوردە کە دەبێ مەترح بکرێ. پێم وایە ئەگەر بەو شێوەیە ئێمە بچینە پێش سەرکەوتنمان زیاتر دەبێ، موهیمیش ئەوەیە کە ئەو پەیامە کەلەو وزعە تازەدا دەی‌نێرین پەیامیک بی کە باش لە دەرەوە وەربگیرێ. دەبی بە هەموو ئەو کەسانە کە گوێیان لە قسەکانی ئێمەیە بلێن کە داوای کورد زور سادە و رەوایە. کورد مافی نەتەوەیی‌خوی دەوێ، کە لە بە یاننامەی جیهانیی‌مافی ئادەمیزاد دا هاتوە. واتە شتێکی زیادەی نیە بویە مەسەلەن داوای خودموختاری مەسەلەیەکی نێوخویی نیە. زور لە دەولەتان وەک دەولەتی ئێران ئەگەر باسی خودمختاری دەکری دەلین: ئەو مەسەلەیەکی داخیلی‌یە کەس حەقی نیە دەستی تێ وەردا. مەسەلەی خودمختاری مەسەلەیەکی نێوخویی نیە و بەشێکە لە مافی ئادمیزاد. بویەش ئەو دەولەت و رێکخراو و شەخسییەتانە کە خویان بە لایەنگری مافی ئینسان دەزانن پێویستە لە داوا رەواکانی گەلی کورد پشتیوانی بکەن.

## روو لە گەلانی ئێران

ئێوە دەبێ بزانن کە کوردستان تەنیا بو خودمختاری شەر ناکا ، بەڵکوو بو ئازادیی سەرانسەری ئێران خەبات دەکا. کوردستان لە پێناو رزگاری هەموو ئێران لە ژێر ئیستبدادی ئاخوندی‌یە کە شەهید دەدا. بویە ئەرکی سەرشانی هەموو شورشگێران و ئازادیخوازانی‌ئێرانە کە یارمەتیمان بدەن. ئێمە دەزانین کە رێژیمی سەرکوتکەر ریگاتان نادا کە یارمەتیمان بدەن، بەلام ریژیم یەوەندەش بەهیە نیە کە کاربەدستانی ئیدیعا دەکەن. رێگای یارمەتی دان بە کوردستانی خوێناوی ئاوا ڵەیە. لە بیرتان نەچێ کە یارمەتی دان بە کوردستان یارمەتی‌دان بە سەنگەری لە گیران نەهاتووی سەرانسەری ئێرانە.

## رەت کردنەوەی تیروریزم

ئیمە وەک حیزبیکی دێموکرات رەشەکوژی رەت دەکەینەوە. چونکە حیزبێک کە لە لایەن گەلەوە پشتیوانیی لێ بکرێ هیچ پیویستی‌یەکی بە پەنابردن بو ئەو چەشنە کارانە نیە. ئیمە تیروریزم لە هەر شوینێک مەحکوم دەکەین.

## ئەخلاق لە سیاسەت دا

ئیمە بی ئوسوولی و جنێو فروشی لە سیاسەت‌دا رەت دەکەینەوە، بو جێگیر کردنی ئەخلاق لە سیاسەت دا تێ دەکوشین و یەکەم رێکخراوی ئێرانی بووین کە ئەخلاقمان واریدی سیاسەت کردەوە.

## خەباتی فەرهنگی و نەتەوەیی

ژیانی فەرهەنگیی خەلکی کوردستان لە حالی پێشکەوتن و بوژانەوەدایە، پێشکەوتن و پشکووتنی فەرهەنگ، جولانەوەی رزگارێخوازیی ئێمە بە هێز دەکا و ئەویش لە بەرامبەردا شوێنەوار دەخاتە سەر بوژانەوەی فەرهەنگ. تەنانەت ئەگەر بلێین شوێنەواری ئەم دوو دیارەیە لە سەر یەکتر شوێنەوارێکی راستەو خویە هیچ موبالەغەمان نەکردوە. بو سەلماندنی ئەم ئیددیعایە دوو بەڵگە لە دەست دایە. یەکەم: خەباتی ئیمە خەباتێکی نەتەوەیی‌یە. خەڵکی ژێر ستەمی ئێمە کە بو دیفاع لە مانەوەی خوی شەرێکی چەکدارانەی دەست پێ کردەوە هەر لەوکاتەش دا ئەرکی سەرشانیەتی کە فەرهنگی نەتەوەیی خوی بپارێزێ و ببوژینێتەوە.

دووهەم: ئەمرو ئێمە لە کوردستان‌دا لەگەڵ رێژیمێکی یەکجار زور دواکەوتوو، رێژیمی ئایەتولاکان کە لە تاریکایی چەرخەکانی نێوەراست سەریان وەدەرناوە بەرەورووین.

شەڕی ئێمە لە دژی رێژیمی نەزانی و خورافات پەرستی درێژەی هەیە هەم لە بەرەی شەرداو هەم لە مەیدانی فەرهەنگ و پەروەردە و فێرکردن‌دا، ئەم دوو دیاردەیە پێکەوە گری دراون. دیاردەی یەکەم بە بی دووهەم سەرکەوتوو نابی و دووهەمیش بە بی یەکەم ناتوانێ وجودی هەبێ.

## دیکتاتوری مەحکووم بە نەمانە

سەرکەوتن بەسەر فاشیزم‌دا زور دەرسی بەنرخی تێدان یەکەم : ئەوەی کە دیکتاتوریەکان هەرچەند بە هێزیش بن ئاخرەکەی لە بەرامبەر راوەستانی گەلان‌دا هێزی خوڕاگرتنیان نیە و دەرووخێن. دووهەم: شەرخوازی بە مەبەستی لەژێر چوک خستنی گەلان یا سادر کردنی رێژیمێکی‌دیاری‌کراو، ئەنجامێکی بێجگە لە شکست و لە نێوچوونی بەدواوە نیە.

## سەر بەخویی سیاسی

ئیمە حیزبیکی سەربەخوین و سەربەخویی خومان لە هەموو شتێکی دیکە خوشتر دەوێ. ئەوەی بو خومان بە قازانج بزانین جێ بە جێ دەکەین. هیچ کەس ناتوانێ نەزەری خوی بە سەر ئێمەدا بسەپێنی و تا ئێستایش هیچ کەس نەزەری خوی بە سەر مەدا نەسەپاندوە.

## تیروریزمی دەولەتی

لە رابردودا دەولەتەکان بە شێوەیەکی گشتی لە پشتیوانی کردن لە ئاکار و کردەوەی تیروریستی خویان پاراستوە و بە دایم لە دلە خورپەدا بوون کە نەکا وەک پشتیوان و لایەنگری تیروریزم کە ئەو پەڕی قانوون شکێنی و تیک دانی داب و نەریتی نیونەتەوەیی‌یە بناسرین و بە لایەنگری لە تیروریزم تاوانبار بکرین. بەڵام لە حالّی حازردا وای لێ هاتوە کە رێژیمە دیکتاتوری‌یەکان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانیان نەتەنیا کردەوی تیروریستی بە خراپ نازانن، بەڵکوو بە راشکاوی و بە شێوەی رەسمی لە نێو خو و دەرەوەی ولات دا لە رەشەکوژی و شێوە جوراوجورەکانی تیرور کەلک وەردەگرن، .ئەم رێژیمانە لە نیو خوی ولات‌دا ومخالیفە سیاسی‌یەکانی خویان تیرور دەکەن و لەورێگایەوە دەسەلاتی پاوان خوازانەی خویان بە زوری بەسەر خەلک‌دا دەسەپێنن و لە دەرەوەی ولاتیش بو کپ کردنی دەنگی هاودەردی و هاوپێوەندیی جیهانی و بو بەرگری لە لایەنگریی ئازادیخوازان و بە مەبەستی ناچار کردنی دەولەتان بو قبوولی هێندیک مەبەستی تایبەتی و جاروباریش بو باج ئەستاندن یان سەپاندنی ئیدئولوژی و بوچونێکی تایبەتی خویان پەنا دەبەنە بە تیروریزم.

## گرینگی تەشکیلات

بە بێ بوونی تەشکیلاتی حیزبی، هێزی بێ پایانی خەڵک وەک ئێنیرژیکی دەست لێ نەدراو دەمێنیتەوە ئەگەرچی بە شێوەی خوبەخو حەرەکەت لە خوی نیشان دەدا، بەڵام کاریگەر نابێ، دوژمن زەبری لێ دەدا و بە چوکی دادێنێ. ئەوە راستی‌یەکی مێژوویی‌یە و لە جوولانەوەکانی رابردوی گەلی کورددا نەبوونی تەشکیلات وەک ئاوێنەیەک خو دەنوێنێ کە هوی تێشکان و ناکامی یەکانە.

## دێموکراسی

هەرگیز خەبات بو دێموکراسی نابێ بچێتە ژیر سێبەری خەبات بو مافی نەتەوایەتی یا خەباتی چینایەتی. چونکە ئەوەی هوی بنەرەتی پێک هاتنی حیزبی دێموکراتە و تا حیزبی دێموکرات ماوە دێموکراسی مەبەست و ئامانجیەتی.

## مودیرییەت

شێوەی مودیرییەت لە حیزبی ئیمەدا بە گشتی لە سەر بناخەی پێوەندیی زیندو و رێنوینی و لە ئاکامدا ئیقناعە. بەرپرسی حیزبی دەبێ رێنوێنی و بریارەکان کە لە بەخشنامەدا دەدا دەبێ پێوەندیی زیندووی لەگەڵ نەفەراتی خوی هەبی و تەوزیح بدا و مانوو نەبی تا ئەوکاتەی تەرەف قانیع دەکا.

## ڕەفتاری دروستی حیزبی

ئەوش ئەسلێکی گرنگی دێکەی مودیرییەتە کە بەرپرسی حیزبی دەبێ بزانێ چون هەڵس و کەوت لەگەڵ ئەفرادی سەرەوە و ئورگانی سەرەوە بکات و لە هەمان کاتدا بش‌زانێت کە چون بەرخورد لەگەڵ ئەفراد و ئورگانەکانی خوارەوە بکا. شێوەی ئوسوولی ئەوەیە کە نابێ بە تەحەکووم و دەستووردان و توندوتێژی و کوێخایانە ڕەفتار لەگەڵ ئورگانەکانی خوارەوەدا بکەن‌ین و لە گەڵ ئورگانەکانی سەرەوەش نابیٚ ڕەفتارمان چاپلووسی و تەمەللوق و پێداهەڵگوتن بی.

## ئەوینی نێشتمان

من بەراستی زور خوشحاڵم کە جارێکی دیکە لە نێو خەڵکی خومان و ئەندامانی حیزب و پێشمەرگە دام. وڵاتانی دیکە زور خوشن، زور جێگای خوشیش لەو دنیایە دا هەیە. بەڵام بو من هیچیان بەقەد نیشتمانی خومان خوش نین و هەموو جارێک کە دەگەڕێمەوە، هەست بە خوشحاڵی یەکی یەکجار زور دەکەم وکە دەگاتە ڕوژەکانی ئاخری سەفەرەکەم کە مێکیش بە پەلەم کە هەرچی زووتر بگەڕێمەوە نێو هاوڕێیان و پیشمەرگەکان و گەلی خومان.

## پێوەندی لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران

سەدان  ساڵە کە خەڵکی کوردستان لە گەڵەڵ گەلانی دیکەی ئێران پێکەوە دەژین. ئێمە خومان بە ئێرانی دەزانین و بەو کەساتنە کە جاروبار لێرو لەوێ ئێمە بە جیاوازیخواز دادەنێن دەڵێین: بە هیچ جور ئەو حەقە بە هیچ کەس نادەین کە خوی لە ئێمە بە ئێرانی‌تر بزانێ.

## مافی دانانی چارەنووس بو کورد

گەلی کورد لە بارەی مافی دیاری کردنی چارەنووسەوە جیاوازی‌یەکی لە گەل گەلانی دیکە هەیە و ئەویش ئەمەیە کە کوردەکان لە عێراق، لە تورکیە ، و سووریەش دەژین و دابەشینێکی دەستکرد بە سەر خەڵکی کوردستان دا سەپاوە. ڕوژیک کە ئەو مەسەلەیە بێتە گوڕی وەک مافی یەکگرتنەوەی کوردەکان خوی دەنوێنێ. حەزم نەکرد ئیشارە بەو شتە بکەم (چونکە لە "تواضع "دوورە) من لە کتێبێک دا کە بیست و پینج ساڵ لەمەوبەر بڵاو بوتەوە لەو بارەوە نووسیمە کە لە داهاتوودا بو ڕوژهەڵاتی نێوەراست فیدراسێونێک پێش بینی دەکەم، لەو فیدراسیونەدا لەوانەیە یەکێک لە کومارە فیدراتیوەکانی ڕوژهەڵاتی نیوەراستیش کوردستان بێ.

## دیفاعی مەشرووع

بە پێچەوانەی تەبلیغاتی دوژمنانی نەتەوەی کورد، کوردان شەڕخواز نین، ئەوان خوازیاری سولح و ئاشتێن. بەڵام کاتێک بوون و مەوجودییەتیان وەک نەتەوەیەک لە مەترسی دەکەوێ، دیارە بو دیفاع لە هوییەتی میللی و شەخسییەتی ئینسانی خویان ناچارن ڕاپەڕن.

## دادپەروەریی کومەلایەتی

وەدەست هێنانی خودموختاری بێ لە نێو بردنی هەژاری و کوێرەوەری ، دەبێتە داخوازێکی بێ نێوەروک.